www.kurdistannet.org
27-5-2003 20:02

# دەبیت تاوانباران دادگایی بکرین

هیدایەت مەلا عەلی

رژیمی سەرکوتگەر و دژی ئینسانی بەعس لە دریژەی ( ٣٥) ساڵ حاکمیەتی رەشی خۆی بەسەر خەلکی عیراق و کوردستان دا چەندین کەسایەتی تاوانبار و ئینسنکوژی دەرهاویشتوەتە دەرەوە کە دەستیان بە خوینی هەزاران ئینسانی بیتاوان و نارازی بە دەسەلاتی بەعس سور بووە.

( ٣٥) ساڵ مانەوەی دەسەلاتی بەعس و (صدام) ی تاوانبار دەلیلەکەی تەنها بوونی چەندین کەس بووە لەم تاوانبارانە کە قاچی رژیم لەسەر شانیان بووە. دوو کەس لەو تاوانبارانەی کە من دەمەویت لیرەدا قسەیان لەسەر بکەم ( وەفیق سامەرائی) و ( شیخ جەعفەر) ن، بە تایبەتی کە ئەم دوو تاوانبارە دەم و کەلاوەیان هەمووی خوینی خەلکی کوردستانە. لەم چەند رۆژەی پیشوودا ( وەفیق سامەرائی) کۆنە سەرۆکی موخابەراتی عیراقی لە لایەن سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە پیشوازیەکی گەرمی لیکرا و هەر ئەوەندەی نەمابوو فەرشی سوری بۆ دابخەن. ( خالە شیخ) کە تاوانبار و بکوژی دەیانی وەك ( دلشاد مەریوانی) و ژمارەیەکی زۆری لاوانە لە لایەن ئەحزابی دەسەلاتدارەوە لە کوردستان پەنا دراوە. ئەگەر تا دوینی سەرانی ئەحزابی کورد بەسەر گۆری خومەینی دا دەگریان و بە باوکی کوردیان دەزانی، ئەگەر حافز ئەسەدیان بە برای گەورە و تۆرکۆت ئۆزالیان بە خاڵ و صدام بە میری ولات و دانیال میترانیش بە دایە گەورە، ئەوا ئەمرۆ ئیتر هیچ تەبریریك بۆ پیشوازی و پەنادانی ئەم تاوانبارانە لە کوردستان نییە لە کاتیکدا ئەم دوو تاوانبارە زۆرترین تاوانەکانیان لە بەرامبەر خەلکی کوردستاندا بووە. بەو پییەی کە ( وەفیق سامەرائی) کۆنە سەرۆکی مخابەراتی دەسەلاتەکەی بەعس بووە، شەریکی بریاری کیمیابارانی هەلەبجە و ئەنفال و زیندەبەچال کردنی ( ١٥) هەزار ئینسان بووە لە ( حلە) کە لەم چەند رۆژەدا ئیسقانەکانیان دۆزرایەوە. قسە کردن لەسەر تاوان و ئەو بیحورمەتیانەی کە ( شیخ جەعفەر) بە خەلکی کوردستانی ئەکرد ئەوەندە زۆرە کە لە باس کردن نایەت. سەرپەرشتیکردنی گوللەبارانی لاوان لە بەرچاوی خەلك و کەسوکاریان کە من بۆ خۆم شاهید و بینەری یەکیك لەو تاوانانەبووم کە چەند لاویك لە لای دواناوەندی رۆشنبیری سلیمانی گوللە باران کران. لە کاتیکدا حیمایەکانی ( شیخ) بەزۆر بردینیان بۆ سەیری ئەو تاوانە. ئەگەر هەرکەس وەك من هارەی چەپلەی کاکە ( شیخ) ی بینیبی لە کاتی تەواو بوونی ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیەدا ئەوا هەرگیز لەم تاوانبارە نابووری. بە هۆی ئەوەی ئیمە چەپلەمان لی نەدا و دەموچاومان تورەیی و نارەزایەتی پیوە دیار بوو زۆر بە زەحمەت لە دەست حیمایەکانی ( شیخ جەعفەر) رزگارمان بوو. جا نازانم ئیستاش هەر ئەو حیمایانەی ماوە یان گۆراون !. سەرەرای ئەوەی ئەم دوو تاوانبارە لە ئاستی عیراق دا زۆر تاوانیان ئەنجام داوە و دەبیت بەر نەفرەتی تەواوی خەلکی عیراق بکەون. خەلکی کوردستان دەتوانن دەوری جدی بگیرن و هەولی جدی بدەن بۆ دادگایی کردنی تاوانباران لە دادگایەکی ئاشکرای خەلکی دا. دەبیت خەلکی کوردستان ریگە نەدەن کە جاریکی تر ئەم تاوانبارانەی دەست و پیوەندی بەعس لە کوردستاندا نەپیشوازیان لی بکریت، نە پەناش بدرین.

خەلکی کوردستان، لایەنە سیاسیەکان، ریکخراوە جەماوەریەکان، هونەرمەندان، لاوان، ژنان

هەلویستتان لە بەرامبەر ئەم تاوانبارانە بۆ دادگایی کردنیان، رادەی ئینسانی بوونی ئیوە و مەسئوول بوونتان لە بەرامبەر خەلکی کوردستان نیشان دەدات. لەم بارەیەوە ( حککع) هەلویستی مەسئولانەی نیشان داوە و کاری جدی دەکات بۆ ئەم هەلمەتە.

سەرکەوتووبیت خەباتی هەقخوازانەی خەلك بۆ دادگایی کردنی جەماوەری و ئاشکرای تاوانباران.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.